# قوڵاییەكانی گومان

عومەر كەریم بەرزنجی

بەرلەوەی چرایەك هەڵكەی
بۆ مۆمێك دەكوژێنیتەوە
لەئێنجانە شكاوەكانی
دڵی شەودا.
كابتنە رەشتاڵەكە" چۆن راڤەی
شەڕی پە پولە بەگوڵ و
شەڕی شە پۆلەكان بەكەنار
بۆئەو موسافیرانە دەكەیت
نازانن سەفەر. .
گەڕانە بەدوای كەنارەكانی خەیاڵدا
یاشكانی بەرداشەكانی زەمەنە.
ئای كابتنە رەشتاڵەكە
تۆ لەنهێنی ئەم جەنگانە ناگەیت
باخچەكانی پڕكرد لەگۆڕان
مەرگ و دیرۆكی كرد بەچیرۆكی"
ئەو عاشقە گەنم رەنگانەی
لەخەونێكدا بەئاگاهاتن و
نامەی ئەو شەوە سپییانەیان دڕی
فێری بەرائەتی كردن.
بەرائەت:
چیرۆكی شكست خواردنی جەلادە
لەرۆژە رەشەكانی نسكۆدا
كێشانی نیگاری خەونێكە
لەسنگی شە پۆلی دەریادا
ئای كابتن

www.kurdistannet.org
كوردستان نێت

www.kurdistannet.org
28-3-2003 0:08

بەم بەلەمە پواوەوە...

چۆن خۆمان تەسلیمی قولاییەکانی گومان بکەین
کەی دەگەینە ئەو خاکەی کە پێی دەڵێن نیشتمان
چۆن ئەو کۆترە ئاوەڕوت کراوانە
لەم شەڕگانەدا بەخاك بسپێرین
هەواڵی سیس بوونی سێوەکان
لەکام دار هە نجیر بپرسین.
هێشتا کاژی چاخە نیان دەرتاڵیەکا نمان تورِ نەدا بوو
چاوەکانی حەسادەت خوێنیان لێدەچۆڕاو
فانۆسە شکاوەکانیان ئاگر دەدا
بۆ سووتانی کوخەکانی موحیبەت
هێشتا لە پێخەفی گوماندا
شەیتانی نەبوو بووین
کچە موراهیقەکانیان لەبیرەکان هەڵدەکێشاو
بەکلاو ڕۆژنەکاندا، خاچێکیان بۆ شۆڕ دەکردینەوە.
ئای کابتن
ئیدی سلاوی ئەو گولانە ناسێنمەوە
نەیان دەزانی لەزەت" نغرۆ بوونە
لەسەرابی سنگی سێوە شەرمنەکاندا.

٢٠٠٣/٣/٢٧

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت